

# سێ پارچە شیعری تۆماس هاردی

## ١٨٤٠ – ١٩٢٨

لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

- سەرەتا شیعرەکانی لەلایەن هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە رەت دەکرایەوە.
- دواتر کە وەکو رۆماننووسێک ناوبانگی پەیدا کرد، لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەچاپ گەیاند.
- شیعرەکانی بەگشتی رۆمانسییەکی خەمناکن.
- لە شیعرەکانیدا هەمیشە چیرۆکێک یان بەسەرهاتێک هەیە کە باس لە نەهامەتییەکانی مرۆڤ دەکات.
- زەمینەی شیعرەکانی سروشت یان کۆمەڵێک رووداوی دڵتەزێنن.
- گەلێک شیعری نووسیوە کە پرسیارن یان نارەزایین بەرامبەر بە ئاین و هۆکارەکانی ئازارچەشتنی مرۆڤ لەسەر زەوی.
- هەڵبژاردنی وشەکانی سەیروسەمەرەن و زۆر جاران لادانی زمانەوانی لە شیعرەکانی دەبینرێت.
- کاریگەریی بەسەر کۆمەڵێک شاعیری گەورەی سەدەی بیستەمەوە هەیە لەمانە: ئێزرا پاوەند، جۆن کرۆو رانسەم، رۆبەرت گرێیڤز، دایلان تۆماس، ئۆدن، دۆناڵد دێڤی و فیلیپ لارکین و چەندانی تریش.

## جورەی – تاریکی

**خۆم بەسەر دەروازەی چرەڵانەکەدا چەماندبووەوە**
**کاتێک شەختەکە بۆرێکی شەبەنگ ئاسا خۆی دەنواند،**
**خڵتەی زستان خەمباری دەکرد**
**چاوە کزەکانی رۆژ.**
**لقە تێکئاڵاوەکانی دارشیلانە خەتخەتۆکەی لە ئاسمانێ دەکرد.**
**دەتگوت ژێی پساوی ئامێری چەنگە.**
**هەر مرۆڤێکیش کە لەو ناوەدا هەبوو**
**پەنای بۆ ئاگری ناو ماڵەوە بردبوو.**

***

**سیمای توندوتیژی خاکەکە**
**هەر دەتگوت کەلاشی سەدەیەکە درێژکراوە،**
**گۆڕخانەی کەلاشەکەش گومەزە هەوراوییەکەی ئاسمان بوو،**
**رەشەباش سەردوولکەی مردنی.**
**تربەی کۆنینەی رسکان و زان**
**رەق و وشک هەڵگەڕابوو،**
**هەموو روحێکی سەر ئەم زەوییەش**
**وەکو من سست و مردۆخ دەردەکەوت.**

***

**لە پڕ دەنگێک بەرزبووەوە**
**لە ناو چڵ و چیلکە خەمبارەکانی ژوور سەرم**
**پڕبەدڵ ئاوازێکی ئێوارانەی خۆی دەچڕی**
**بەخۆشییەکی بێ سنوور،**
**پیرە جورەیەکی لەڕ و لاواز و گچکۆکە،**
**پەراموچە بەرەشەبا تێکشێواو،**
**وای هەڵبژاردبوو کە روحی خۆی**
**برژێنێتە ناو دڵتەنگییەکی پەرەسێن!**

***

ئەو بیانووێکی کەمی هەبوو بۆ ئەو گۆرانییە خۆشانەی
کە بەو دەنگە پڕجۆشەی دەیچریکاند
لەبارەی ئەوەی لەسەر ئەو شتە زەمینییانە نووسرابوو
کە لە دوور یان نزیکی ئەوێ بوو.
من نەمدەتوانی هەست بەو شتە بکەم
کە لە ناو هەوای خۆشی شەو دەلەرایەوە،
هیوایەکی پیرۆز، ئەو هەستی پێ دەکرد و
من هەر ئاگاشم لێی نەبوو. "١٩٠٢"

## رێکەوت

ئەگەر تەنیا خوایەکی دڵ پڕ لە قین لە بەرزاییی ئاسمانەوە
بانگم بکا و پێ بکەنێت: "تۆ ئەی شتی ئازارچێژ،
بزانە خەفەتی تۆ شادی منە،
نەمانی خۆشەویستی تۆ قازانجی رق و کینەمە!"

***

ئەوسا من بەرگە دەگرم، خۆم کورژ دەکەمەوە و دەمرم،
رەق دەبم بە هەستی رقێکی ئەستوور،
کەمێک سارد دەبمەوە کە دەبینم یەکێکی بەهێزتر لە خۆم
ویستوویەتی بەشی من بێت ئەو فرمێسکانەی رژتوومن.

***

بەڵام وا نییە. بۆچی خۆشەویستی سەربراو لەوێ بکەوێت،
بۆچی چاکترین هیوای تۆدراو چرۆ نەکات؟
- رێکەوتێکی تەواو رێ لە خۆر و باران دەگرێت،
زەمەنی زارهاوێژ هەر بۆ خۆشی ناڵە و خەفەت دێنێتە بوون...
ئەو چارەنووسدانەرە کوێرانە پێشوەخت شادی و خۆشی
گەشتی منیان بەتاڵەداوی ئازار چنیوە. ١٨٩٨

## خانمی - دۆڕاو

"ئەی مێلیای خۆشەویستم، ئەمە لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوەیە!

کێ دەیزانی من تۆ لە شار دەبینمەوە؟
ئەدی ئەو جلە جوانانە و ئەو هەڵکەوتنەت لە کوێ بوو؟"
خانمەکەش گوتی: "بۆچی نازانیت من دۆڕاوم؟"
***
"تۆ بەشڕوشیتاڵەوە، بەپێڵاو و گۆرەوی ئێمەت بەجێ هێشت،
لە پەتاتە هەڵکەندن بێزار بوویت، لە ترشۆکە دەرهێنان ماندوو بوویت،
ئێستا تۆ بازنی جوانت لەبەرە، سێ جقەی بریسکەداریشت هەس!"
خانمەکەش گوتی: "وایە، ئێمە وا خۆمان دەپۆشین کاتێک خۆمان دەدۆڕێنین."
***
"لای خۆمان لە کێڵگەدا تۆ دەتگوت "ئەتوو" و "توو"،
"سپاس" و "دوانیوەڕۆ باش" و "پێکران"، بەڵام ئێستا
تۆ زۆر بەرێکی لەگەڵ خەڵکانی پایەبەرز دەدوێیت!"
خانمەکەش گوتی: "لەگەڵ خۆدۆڕاندن، هەندێک ڕێکیش دەست دەکەوێت."
***
"ئەوسا دەستت وەک چرنووک بوو، روخسارت شین و رەق و وشک،
بەڵام ئێستا من بە سەرکوڵمەی ناسکت،
پەنجەوانە بچووکەکانت ڕێک وەکو هی خانمەکانی ترن."
خانمەکەش گوتی: "هەرکە دۆڕاین، ئێمە هەرگیز هیچ کار ناکەین."
***
"تۆ خووت بەوە گرتبوو بەژیانی ماڵەوە بڵێیت خەونێکی کابووساوی،
تۆ هەنسکت دەدا و شتت تووڕ دەدا، بەڵام ئێستا وا پێدەچێت
خێماکی خراپت، دڵتەنگی و خەمناکیشت نەمابێت!"
خانمەکەش گوتی: "وایە، کە یەکێک دەدۆڕێت دڵخۆشیش دەبێت."
***
"منیش بەئومێدبووم جقەم هەبووایە، لەگەڵ کەوای جوانی ئاودامان،
نیگایەکی ناسک، بمتوانیایە بەناو شاردا گەشتوگەڕ بکەم!"
خانمەکەش گوتی: "گیانە، کیژێکی کاڵی وەکو تۆ
ناتوانێت چاوەڕێی شتی وا بکات، چونکە هێشتا تۆ نەدۆڕاویت." ١٩٠٢